# کۆنگرەی "سێ" هەنگاوێك ئێمەی بردە پێشەوە



کۆنگرە بەرهەمی دەورەیەکی مێژوویی گرنگ بوو لە ژیانی سیاسی کۆمۆنیزمی کرێکاری و حیزبی ئێمەدا، هاوکات ڕووداوێکی جدی و سیاسی بوو لە نێو هەموو ئەو بارودۆخە سەختەدا کەئێستای کۆمەڵگای عێراقی پێدا تێدەپەڕێ. لە دایکبوونی حزبێکی بە مەعنای کەلیمە عێراقی، بەستنی کۆنگرەیەکی لەو شێوەیە لەناوجەرگەی بەغدا دا کە کراوەتە پایتەختی پێشبڕکێ ی تیرۆریستی ئەمریکا و ئیسلامی سیاسی، کە هیچ پێگەیەکی ئەمنی تیا نەماوە، نیشانەی جەسارەت و ئەوپەڕی ئازایەتی کۆمۆنیستەکانی ئەم سەردەمەیە لە نەوعی حیزبی بەلشەفی یەکان و کۆمۆنیزمی مارکسی کە بڕیاریان داوە ئایندەی کۆمەڵگای عێراق دەبێ یەك ئایندەی چەپ بێ وە بۆ ئەو نەخشەیە لە مەیداندایە و ئامادەیە بجەنگێ.

کۆنگرە لە ساتێکدا بەسترا کە لە بەغدا حاڵەتی ئینزار ڕاگەیەنرا بوو کە دوو ساڵ بە سەرداگیرکاری عێراقدا تێ دەپەڕێ، حکومەتی کاتی کە لە هەموو ئەو پشتیوانی تانك و تەیارە و تۆپە بەهرەمەندە بەلاّم هێشتا ئەندامانیان بە هەزار و یەك شێوە خۆ دەگۆڕن تا بگەنە کۆبوونەوەکانیان کە ئەویش لە پشتی پەردەوە دەگیرێ، بەلاّم بە پێچەوانەوە کۆنگرەی حیزبی ئێمە ڕابەران و کادرانێکی جەسوور بۆ دەرکێشانی خەڵکی عێراق لە شەڕی تیرۆریستان و گێڕانەوەی مەدەنییەت قۆڵیان لێ هەڵماڵی و کۆنگرە سەرکەوتووانە لە نێو ئەوپەڕی سەرحاڵی ی سیاسی بەشداربوواندا کارەکانی خۆی ئەنجام دا .

فەزای کۆنگرە بە شۆڕ و شەوق بوو، ڕەوەندی باسەکانی کۆنگرە نیشانی دا کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق جەوهەری واقعی عێراق دەرك دەکات و وەك بزووتنەوەیەکی ناڕەزایەتی و ڕەخنەگر لە نێو سیناریۆی ڕەشی هێزە کۆنەپەرست و قەومی و عەشایر و داگیرکاری ئەمریکادا پەرچەمی ڕزگاری خەڵکی عێراقی هەڵبڕییەوە و تەرحی پێشرەویی بۆ دەخاتە ڕوو (تەرح و باس و پرۆژەی بۆ دەناساند) پرۆژەی ڕێکخراوی ئازادی عێراق و ڕابەرایەتی کردنی ناڕەزایەتیەکانی کرێکاران و پێك هێنانی ڕێکخراوەی فدراسیۆنی شورا و یەکێتییە کرێکاریەکان تا ڕێکخراوی ئازادی ژن و بەیاننامەی جیهانگیریەکانی ئینسان و ڕێگا چارەی کارسازی عەمەلی بۆ کێشەی خەڵکی کوردستان لە باسە گرنگەکانی کۆنگرە بوو کە نیشانی دا حیزب لە زەمینەیەکی بێ وێنە بەهرەدارە کە حیزبی لە سەتحێکی فراواندا ناساندووە و لە مەیداندایە بۆ ئایندەیەکی ئینسانی بۆ خەڵکی عێراق .

بە داخەوە بارودۆخی ئەمنی ڕێگەی ئەوەی نەدا بە عەلەنی باسەکانی ئەم کۆنگرەیە لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بلاّوبێتەوە و لە بەردەست خەڵکدا بێت، کە هیوادارم کاسێت و باسەکانی لە نێو کۆمەڵگای عێراق و چەپ و ئازادیخوازی دەروەی وولاّت بلاّو بێتەوە تا ببینن کۆمۆنیستەکانی مارکس و حزبێکی ئەوپەڕی ماکزیمالیست و ئینسانی لە مەیداندایە و ئامادەیە لە سەنتەری شەڕی تیرۆریستاندا بۆ نەجات دانی کۆمەڵگای عێراق قۆڵی لێ هەڵماڵیوە و ڕێگا چارەی گونجاو دەخاتە ڕوو و بۆ بە دەست هێنانی قودرەتی سیاسی و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سۆشیالیستی تێدەکۆشێ، کەمن بڕوام وایە سەرکەوتنی ئێمە لە عێراقدا تەئسیری بۆ هەموو دنیا دەبێت و جارێکی تر مارکسیزم دێنێتەوە مەیدان.

هەڵبژاردنی ڕابەرایەتییەك کە دنیایەك کار و هەڵسورانی جدی لە بەردەمدایە پێویستی بە عەمەلی کردنەوەی جیهەتگیری سیاسی و باس و پرۆژە سیاسەیەکانی حیزبە، ئەوە ماوە بینای بکەین، وە سەرکەوتنمان بە پراکتیکی دانە بە دانەی ئێمەوە گرێی خواردووە، پێویستە خۆمان بۆ ئەم دەورەیە لە ساحەی سیاسی عێراقدا ئامادە بکەین، دەبێ لە بەردەست خەڵکدا بین، تەئسیر دا بنێین، دەرگای کۆمەڵگای عێراق لە ئێمە دانەخراوە و قودرەتی سیاسی بە هەنگاوەکانی داهاتوومانەوە گرێی خواردووە کە کۆنگرەی سێ یەك هەنگاو ئێمەی بردە پێش.